



# دڵنیابین یان بەگومان ؟؟


فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا 21.05.06

faraidun_73@hotmail.com


سەرئەنجام دوای پێنج مانگ لەململانێیەکی پڕلەقەیران 5/20 حکومەتی نوێی عێراق ڕاگەیەندرا وکارنامەی حکومەت لەلایەن نوری مالکی خوێندرایەوە ئەگەرچی لەئەگێندای کارنامەی حکومتدا نوری مالکی بۆجارێکیشبێت ئاماژەی بۆناوی کوردستان وخەڵکی کوردستانی تیانەهێنا بەشێوەیەکی گشتی کارنامەی حکومەتەکەی وادارێژرابوو کەڕووبەڕوی هەموو عێراقیەکان بوو نەك نەتەوەوئاین ومەزهەب ،بەڵام ئەگەرچی ناڕاستەوخۆشبێت نەیتوانی خۆی لاڕێبکات لەناوئاماژەودەسەڵاتەکانی هەرێم وبەدیفاکتۆبوونی کوردستان بەوەی لەخاڵی 19ی کارنامەی دەوڵەتدا دەڵێت کاربکرێت بۆگەشەپێدانی پەیوەندیەکانی حکومەتی فیدراڵ وهەرێمەکان.

ه

*

نوری مالکی سەرەڕای ستایشکردنی هەردوودەورانی حکومەتی کاتی وئینتیقالی کەبۆخەڵکی کوردستان بەپێچەوانەوە دوودەورانی تاڵ ودووحکومەتی نامەسئولبوون بۆڕاسپاردەکانی دەستوور,نەیتوانی خۆبوێرێ بکات لەمەسەلەی کەرکوك وناوچەبەعەرەبکراوەکان،بەڵکو ڕاشکاوانەلەخاڵی 22ی کارنامەی دەوڵەتدا باسی لەتەئەکیدکردنەوەی مادەی 140ی ناو دەستوور کردبۆخستنەبواری جێبەجێکردنەوەبەسێ قۆناغ، تالە کۆتاییەکانی ساڵی داهاتوودا دەرئەنجامەکانی ساغکردنەوەی دیمۆگرافیا،گەڕانەوەی هەیکەلی ئیداری،و دواتر ڕیفراندۆمی خەڵکی ناوچەکە قەیرانی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بەڕێگەچارەبگەیەنێت،ئەم ئاماژەیەلەکابینەکەی مالکی یەکێکەلەکۆڵەکەبنەڕەتیەکانی دروستکردنی پردی متمانەلەنێوان خەڵکی کوردستان وئەوحکومەتەی کەبڕیارەحکومەتێکی پابەندبێت بەناوەڕۆك وبڕگەکانی دەستوور،کەلەسەردەستی هەردوودەرانی کاتی وگواستنەوەداهەرەسی هێنابوو،کۆتایهێنان بەقەیرانی کەرکوك وناوچەبەعەرەبکراوەکان سەرکەووتنی کاروئەگێندای حکومەتێکی سەرکەو توودەبێت بۆسەرپێخستنی حکومەتی چوارساڵەودورخستنەوەی عێراق لەکێشەوئایندەی پێشبینی نەکراوی تر کە هەمیشەناسونالیزمی توندڕەوی عەرەب لەبەرامبەریدا زەندەقی چووە،لەکۆتایداهەموئەوخاڵەکەم تازۆرانەی ناوکارنامەی حکومەتەکەی مالکی بەمانای ئەوەنیەکەکوردپشتێنەکەی بکاتەوەوسەرخەوی کات بەسەربردن ومانۆڕی سیاسی وبەڵێنی بێکردەوە بشکێنێ ،بەڵکوو هەرلەسبەینێ یەکی زووەوە دەبێت لەهەڵپێچینی دەسەڵات وکابینەکەی مالکی بێت بۆمافەکانی خەڵکی کوردستان تالەناوڕەشنوسی دەستووروبەڵێنەکانی کارنامەی دەوڵەتەوەبێتەسەرئەرزی واقیع ،چوونکەمێژوویەکی دڕێژمان لەئەزموونی بەڵێن ومافی سەرکاغەز.لەگەڵ لایەنی بەرامبەرداهەیە

ه